پارێزگای هەولێر ئاماری پشووی سێری ساڵی 2025 ئاشکرا کرد

پارێزگای هەولێر ئاماری پشووی سێری ساڵی 2025 ئاشکرا کرد.

پارێزگاری هەولێر لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بەپێی ئەو بڕنامە و ئامادەکاری و پلاننانێی بۆ پشوازیکردن لە سێری ساڵی نوێ لەلایەن پارێزگای هەولێر لە 2024.12.25 تاوەکو 2025.1.1 ئامادەکرابوو، سەرجەم ئەکار و ئامادەکارییەکان وەک چۆن داڕێژرابوو لە پێناو ئارامی و ئاسایشی شار و پاراستنی سەروماڵ و سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان بەسەرکەوتوویی و وەکو خێی و بەبێ هیچ گیر و گرفتێک جێبەجێ کرا، بەوشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ گەشت و گوزار: لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گشتوگوزاری هەولێر لە سنووری پارێزگای هەولێر، چەندین لێژنێی تایبەت پێکهێنرا بۆ مەبەستی چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ بنکە و ناوچە گەشتیارییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە ڕووی گەشتیاران و پێکهێنانی لیژنێی تایبەت بۆ پشوازی کردن لە گەشتیاران لە بازگەکانی دەروازەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و چاودێریکردن و دابین کردنی خزمەتگوزاریی لە سێرانگاکان و شوێنە گەشتیارییەکان و میوانخانە و چێشتخانەکان، لە 2024.12.25 تاوەکو 2025.1.1، (63 هەزار و 411) گەشتیار لە بازگەکانی سنووری پارێزگای هەولێر سەردانی پارێزگای هەولێریان کردووە.

دووەم/ هاتووچۆی هەولێر: پلانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر چێن داڕێژرابوو تێواوی بەگەکانی بەبێ هیچ گرفتێک جێبەجێکران، سەبارەت بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ، بەهۆی پابەند نەبوون بە یاساکان و خێرا لێخوێین 26 ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویانداوە، کە بەداخەوە بەهۆیانەوە 1 کەس گیانیان لەدەستدا و 14 کەسی دیکەش بریندار بوونە.

سێیەم/ ئاسایشی هەولێر: بەپێی ئەو پلان و ئامادەکاریانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر داڕێژرابوو، وەکو خۆی و بەبێ هیچ گرفتێک جێبەجێکران و بە هەرحاڵەتێکی پۆیستیش، سەرجەم هێزەکانی ئاسایش لە ئەرک دابوون.

چوارەم/ پۆلیسی هەولێر: پلانی ئەمنی بە پاراستنی سەروماڵ و گیانی هاوڵاتیان و ئامادەباشی سەرجەم هێزەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەبێ هیچ گیر و گرفتێک تێواوی بەگەکانی وەک خۆی جێبەجێکران، 135 حاڵەت و تاوانی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە، 129 حاڵەت و تاوان ئاشکراکراوە و تاوانباران و ئەنجامدران دەستگیر کراون و 6 تاوانیش لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.

پێنجەم/ بەرگری شارستانی:-

تێواوی بنکەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر لە ئەرک دابوون، لە 2024.12.25 تاوەکو 2025.1.1، 12 حاڵەتی ئاگرکوتنەوە هەبووە، حاڵەتەکانیش لەلایەن تیمەکانی بەرگری شارستانییەوە کۆنترۆڵکراون و جگە لە زیانی ماددی، هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەتەوە.

شەشەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی: تێواوی تیمە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان لە ئەرک دابوونە، لە 2024.12.25 تاوەکو 2025.1.1، 16,100 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەگشتییەکانی سنووری پارێزگای هەولێریان کردووە، 225 نەشتەرگەری گەورە و 533 نەشتەری بچووک ئەنجامدراوە، 865 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی لەدایک بوونیان کردووە و 414 منداڵ لەدایک بووە، 1,269 نەخۆش لە نەخۆشخانەی نانەکەلی و سەنتەری ئاوات چارەسەریان وەرگرتووە و 4,221 هاوڵاتیش بە وەرگرتنی چارەسەر سەردانی سەنتەری دەیان کردووە.